وەڵامێکی نەرم بۆ چەند فتوایەکی توندی سیاسی

زیرەك کەمال

هەر لە بەرەبەیانی مێژووە وە کۆمەڵگای مرۆڤ لەنێو هەناوی خۆی چەندین فەلسەفەو ڕێبازی فیکری‌و سیاسی بیرو باوەڕی جیاجیای بەرهەم هێناوەو هەریەك لەو ڕێبازە فیکری‌و فەلسەفیانەش لە هێڵە گشتییەکانی بەرنامەو میتۆدو کارنامەی خۆیاندا بەوە ڕەنگڕێژ کردووە کە ئەوان بۆ ئەوە هاتوو کۆمەڵی مرۆڤ لە بەڵاو کارەسات ڕزگار بکەن، بۆ ئەوە هاتوو کۆمەڵگا ڕێکبخەن‌و ببنە فریاد ڕەسی کۆتایی هێنان بە ناسۆری‌و قەیرانەکان، واتا پلۆرالیزم‌و فرە ڕەنگی‌و سەرە جەمسەرە سیاسی‌و حزبی‌و کۆمەڵایەتییەکان هەر لەگەڵ دابەش بوونی کۆمەڵگای مرۆڤ بەسەر چینەکاندا ئەوانیش هاتوونەتە ئاراوە، هەر بۆیەش ڕۆشنگەرو بڕیارەکان بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەك بۆ بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانەی فیکرو هێزە جیاوازیەکان‌و دیاری کردنی زەمینەی کارکردن بۆ هەریەك لەو جیاوازیانە بۆ ئەوەی ئازادانە کاری خۆیان ڕایی بکەن‌و بەبێ ئەوەی هیچ کامێکیان لەگەڵ یەکتری دووچاری یەکتری بڕین‌و پێکدادان بن، بۆیەش دیموکراسیەت باشترین زەمینەو چوار چێوەی کارکردنی جیاوازیەکانی نێو هەناوی کۆمەڵگا بوو لەگەڵ یەکتریدا هەڵبەت دیموکراسیەت لە هەگبەو لەدوو توێی کارکردنی خۆی‌و لەنێو هێڵە گشتییەکانی کارکردن‌و کارنامەی خۆی چەندین چەمك‌و میکانیزمی کارکردن‌و پڕۆژەو بەرنامەی بۆ کۆمەڵی مرۆڤ خستەڕوو، کە سەرەنجام هەموویان دەبنە ڕەگ‌و پایەی هێنانە کایەی کۆمەڵگایەکی یەکسان‌و ئاسوودە دیارە کۆمەڵی مەدەنی عەلمانیەت، پلۆرالیزم، مافی هاووڵاتیبوون لێبوردەیی، ئاڵ‌و گۆڕی دەسەڵات لەڕێگای ڕای گشتی، مافی مرۆڤ، دیارترین بەرهەم‌و دەرهاوێشتەی چەمکی دیموکراسیەت بوونە، هەڵبەتە دیموکراسیەت وەکو فیکرو بیرۆکە لەسەردەمی ئەفلاتونەوە هەبووە، بەڵام خۆی بەمانا مەعریفی‌و ئەو دەسەڵاتەی کە ئێستا لە بەشێکی زۆری ئەوروپا پیادە دەکرێت بەرهەمی مودێرنەیەو لە هەتاوی ئەودا چاوی بوونی تروکاندوون، ئێستا با بێینە سەر هەڵبژاردن کە بەشێکی یەکجار گرنگ لەچەمك‌و پڕۆسێسی دیموکراتیەت پێکدەهێنێت، هەڵبژاردن وەك باسم کرد باشترین شێوازو میکانیزمی عەقڵانیانەیە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی دەسەڵات‌و تاکو ئێستاش لەمێژووی مرۆڤدا هیچ شتێك ناتوانێت ببێتە جێگرەوەی ئەو میکانیزمە، هەر بۆیەش لای سەرجەم حزب‌و ڕێبازە سیاسی‌و فیکریەکان پشتگیریەکی گەورەی هەیە بەڵام دیسان تێڕوانین‌و پشتگیری هەریەك لەمانە شێوازی خۆی هەیە، چونکە لای هەندێکیان، ئەوانەی بەکردەوە هەڵگری بەرنامەو فیکری دیموکراسی‌و عەلمانیەتی هەڵبژاردن پڕۆژەو میکانیزمێکە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا بۆ دابین کردنی یەکسانی سیاسی‌و عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردن فاکتەرو هۆکارێکە بۆ بەردوام نوێ کردنەوەی هەموو جومگەو پایەکانی کۆمەڵ، چونکە نوێ بوونەوەی‌و تازەگەری پایەو ڕەگ‌و ڕیشەکانی لەنێو هەناوی هەڵبژاردندایەو هەڵبەت هەر هەڵبژاردنیشە بە هەمووان دەڵێت هیچ کەسێك بۆی نییە تا سەر لەسەر دەسەڵات کڕ بکەوێت‌و کە دەستی لە کورسی گیر بوو بڵێت ئیتر هی منەو تا مردن دەستبەرداری نابم، ئەو هەڵبژاردنە پێمان دەڵێت کە هەقیقەت ڕێژەیی‌و دوورە لە ڕەهایی موتڵەق. بەڵام لای بەرەی تر ئەوانەی لەڕووی بەرنامەو کارکردن لەڕووی ڕێبازی فیکری‌و سیاسی سەلەفین‌و خۆیان‌و کۆمەڵگاشیان دووچاری داخران‌و گرمۆڵەبوون کردووە، جا ئەوانە ئەو حزب‌و لایەنانەن کە خۆیان خستۆتە خانەی عەلمانیەت چ ئەوانە بن بە ئاشکرا هەڵگری خەون‌و بەرنامەی ئاینی بن هەڵبژاردن تەنها بەیعەتێکە بۆ نوێ کردنەوەی دەسەڵاتی خۆیان‌و هیچی تر، هەروەها واش مامەڵە لەگەڵ ئەو پڕۆسەیە دەکەن کە دەبێت سەرەتای دەست پێکردن‌و کۆتایی پڕۆسەکە بە دڵی خۆیان بێت واتا بەمەرجی بردنەوەی جاری پڕۆسەی هەڵبژاردن دەدەن.

(٣٠) کانوونی مانگی ڕابردوو حزب‌و هێزە سیاسیەکانی کوردستان دووەمین پڕۆسەی هەڵبژاردنیان لە کوردستان بەڕێوەبرد، هەڵبەت ئەو پڕۆسەیە دەکرێت بەڕووی دەرەوەی خۆیداو لەسەر بنەماو تێڕوانینی مەسەلە نەتەوەیی‌و نیشتمانیەکەمان بە سیمایەکی جوان‌و وەرچەرخانێك لە قەڵەمی بدەین، بەڵام بەڕاستی بەڕووی ناوەوەداو شێوازی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە مایەی دڵخۆشی نەبوو، چونکە تیایدا بەشی هەرە زۆری ئەو جومگەو ڕەگەزو توخمانە ژێر پێ خران کە هەڵبژاردن پێك دەهێنن، بەشی هەرە زۆری ئەو سنورانە بەزێنران کە یاسای هەڵبژاردن گڵۆپی سووری بەرامبەر داناون، ئەو بازنەو چوار چێوانە شکێنران کە وێنەی مەبدەئە بنچینەییەکانی هەڵبژاردنێکی پاك‌و بێگەرد لەخۆ دەگرن.

ئێستا ئێمە لە ساتەوەختەکانی دوای کۆتایی هەڵبژاردنەکەدا دەژین لە کاتێکدا دەبوایە خوێندنەوەیەکی وردو بابەتیانەی ئەو ڕەهەندو جومگە ڕزیوانە بکەین کە پڕۆسەکەیان لە کۆمەڵێك بەهاو فۆرم‌و وزەی دیموکراسی بەتاڵکردەوە، لەجیاتی ئەوەی گوزەرێکی ڕەخنەگرانەو بەرپرسیارانە بەنێو ئەو ڕووبەڕوو پانتاییانەدا بکەین کە هەڵبژاردن تیایدا لە کەرنەڤاڵ‌و مۆدێلێکی دیموکراسی کردە پێچەوانەی ئومێدو چاوەڕوانیەکانی ئێمە گیانی حزبایەتی بەرتەسك کۆی پڕۆسەکەی داگیر کرد، لەجیاتی ئەوەی هەموو لایەکمان ڕێگا نەدەین چیدی دەسەڵات بەخۆی‌و بەهەموو هێزە مرۆیی‌و ئابووری‌و مەعنەوییەکانی خۆی بچێتە نێو مل ملانێی هەڵبژاردن‌و وەکو دادوەر نەك لایەنگر ببێتە کاراکتەرو گۆلکەری یاریەکە ڕۆڵی خۆی ببینێت، لەجیاتی ئەوەی سامان‌و پارەو پوڵ‌و داهاتی نەتەوەیی‌و نیشتمانی بخرێتە خزمەتی حزبەکانی دەسەڵات بخرێتە خزمەتی پڕۆژەو بەرنامەی ئاوەدان کردنەوە، بەداخەوە لەبەرامبەر هەموو ئەوانەدا چەند برادەرێك کە بە داخەوە هەندێکیان لە ناوەندی بڕیاری سیاسی ئەم وڵاتەن، بە ئاشکراو بێ منەت لەبەرامبەر هێزوو خەڵکی فتوای لەناوبردن‌و سڕینەوەی ژیانی ئەو حزبانە دەردەکەن کە وەکو ئەوان نەیانتوانیوە لە سەدا ٩٩٪ پۆینت (٩٩) بهێنن‌و بە تەوسەوە ژمارەی دەنگەکانی ئەو حزبانە بڵاو دەکەنەوە کە لەچوار چێوەی ئەم پڕۆسەیەدا بەدەستیان هێناوە لەکاتێکدا هەر کەسێك لاف‌و گەزافی نیشتمان پەروەری لێبدات دەبێت ڕێز تەنانەت لەیەك دەنگی هاووڵاتیش بگرێت‌و لەبیری نەچێت کە ئەویش مرۆڤەو شایانی ستایش کردن‌و ڕێزلێگرتنە نەك بەسووك سەیرکردنی ئیرادەو خواستەکەی، ئایا بەڕاستی دەرکردنی ئەو جۆرە فتوایانە دەچنە کوێی خانەی مەنتیقی دیموکراسی‌و بنەماکانی مافی مرۆڤ؟ ئایا ئەم جۆرە فتوایانە مانای ئەوە نییە ئەو برادەرانە تاکو ئێستا بە عیشقی سەرمەدی شەڕی نێوخۆو، هەروەها درێژە پێدانی ئەو شەڕەوە ناژین؟ ئایا چ جۆرە جیاوازییەك لەنێوان فتوای ئەوان‌و تەقەی ئەو تفەنگانەدا هەیە کە براکان لە کەپکی حەمەد ئاغا بەسەر دڵی یەکتریانەوە دەنا، ئایا کاتی ئەوەنەهاتووە، عەقڵیەت کەلتووری یەکتری لەناوبردن‌و یەکتری سڕینەوەو یەکتری قبوڵنەکردن واز لێ بهێنین‌و لەجیاتی ئەوا کەلتووری دیموکراسی‌و تەبایی‌و ڕێزگرتن لەجیاوازییەکانی یەکتری بونیاد بنێین؟ ئایا بەڕاستی زیانە مرۆیی‌و ماددی‌و ئەخلاقی‌و مەعنەوییەکانی شەڕی نێوخۆ، ئایا بوونی جەستە بێ نازە کوژراوەکانی ئەو شەڕە بەس نین بۆ ئەوەی دەستبەرداری عەقڵیەتی توتالیتاری‌و تاکڕەوی‌و دیکتاتۆری بین؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە هەموومان بەنیگایەکی دایکانەو بەرپرسیارانەو بەچاوێکی دڵسۆزانە لەو برینە قووڵ‌و تەڕو سارێژ نەبووانە بڕوانین کەکەلتووری شەڕانگێزی‌و یەکتری قبوڵنەکردن خستیە جەستەی گەلەکەمان؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە هەموومان بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ هەڵبژاردن بکەین کە شێوازێکی ئاشتیانەو دیموکراسیانەیە کە کۆمەڵێك هێزی جیاواز بەمەبەستی دیاری کردنی دەسەڵات‌و بەرەو پێش بردنی وڵات دەیگرنە بەر؟

ئایا دەرکردنی فتوای سیاسی بۆ سڕینەوەی ژیانی ئەو حزبانەی ڕێژەی دەنگ هێنانیان لە ئاست پێویست نییە دەچێتە کوێی فەلسەفەو دونیای پڕ لە مەعریفەی مۆدێرنەوە، کە عەیامێکە خاوەنی ئەو فتوایانە خۆیان بە هەوادارو شوێن کەوتووی ئەو فەلسەفەیە دەزانن، هەموو کەس دەزانێت هەموو ئەو دەستکەوتە نیشتمانی‌و نەتەوەییانەی کە بەردەست هاتوون بەرهەمی خەبات‌و تێکۆشانی کۆمەڵەکەمانە بەسەرکردایەتی بزووتنەوە ئازادیخوازەکەی، هەمووشمان دەزانین ئەم بزووتنەوە ژمارەیەك حزب‌و بزووتنەوەی نیشتمانی لەخۆ دەگرێت، نەك قۆرخ بێت بۆ یەك حزب یان دوو حزبی سیاسی، هەر خوودی هەردوو هەڵبژاردنیش واتا هەڵبژاردنی ١٩٩٢-٢٠٠٤ بەرهەمی عەقڵ‌و پڕۆژەو بەرنامەو قەناعەتی سەرجەم حزبەکانی چوار چێوەی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستانە، بۆیە وا باشە سەرجەم پەلەکانی ئەم بزووتنەوەیە ڕایەڵەکانی پەیوەندییان لەسەر بنەمای تەبایی‌و بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە پتەوتر بکەن، چونکە شەڕە گەورەکانی ئێمە لەبەرامبەر دەرەوەی خۆماندا لەم ساڵەدا دەست پێ دەکەن‌و هەر لەم ساڵەشدا چارەنووسی سیاسی‌و نیشتمانی یەکلا دەبێتەوە، بۆیەش ئەگەر بمانەوێت کاراکتەرێکی ئیجابی‌و لێهاتوویی نێو هاوکێشە سیاسیە ئاڵۆزەکان بیت‌و لە ئاستی بەرپرسیارێتی مێژوویدا بین، دەبێت قەناعەتمان بە بەرامبەر پڕۆسەی هەڵبژاردن وەکو یەکێك لە شارگەکانی دیموکراسیەت بگۆڕین‌و ئەو هەقیقەتەش بزانین دەستکەوت‌و دەرئەنجامی جوان‌و ئیجابیەکانی هەر هەڵبژاردنێك بەرهەمی سەرجەم ئەو حزب‌و هێزانەیە کە لەدەرگای ئەو پڕۆسەیە دەچنە ژوورەوە، نەك بەتەنها بەرهەمی هێزە براوەکانی بێت، بۆیە وا باشە لە بەرامبەر ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی هەڵبژاردنەکەی مانگی ڕابردوو بەدەستی هێنا بەرهەمی ماندوو بوون‌و کۆششی هەموو لایەك لە قەڵەم بدرێت‌و هەر هەموشیان وەکو یەك دەست خۆشییان لێ بکرێت، نەك هەندێکیان خۆیان بکەنە خاوەنی ئەم سەرکەوتنەو لەبەرامبەر خەڵکی تریش فتوای لەناوبردن دەربکات، چونکە لە هەڵبژاردن براوە ئەو لایەنەیە کە سەرەتاو ئەنجامی هەڵبژاردنەکە قبوڵ دەکات‌و دۆڕاویش ئەو کەسەیە کە جگە لەزمانی فتوا خاوەنی هیچ بەهرەو جوانییەکی تر نییە.

شەپۆل فەتحی کەریم

هەڵبژاردن‌و چاوەڕوانی وادەو بەڵێنەکان

هەڵبژاردن، بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات خەڵکی بەشەوق‌و حەماسەوە بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کرد، ئەگەر هەڵبژاردن هۆکار بێت ئەوا ئامانجەکەی بۆ قوڵکردنەوەی زیاتری پڕۆسەی دیموکراسی‌و ئازادی تاکەکانە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران تا خزمەتیان بکەن.

هەڵبەت حزب‌و لایەنە بەشداربووەکان پێش هەڵبژاردن وادەو بەڵێنی زۆریان داوە بە خەڵك کە هەڵبژاردن ببەنەوە ئەوا باری ژیان‌و گوزەران خۆش دەکەن‌و خزمەتگوزاری‌و کارەباو سوتەمەنی‌و. .هتد، بۆ دابین دەکەن.

تۆ بڵێی حزبە براوەکان وادەو بەڵێنەکانیان ئەو پڕۆژەو بەرنامەی لەکاتی پڕوپاگەندە کردن خستیانە ڕوو جێ بەجێی بکەن؟ یان کە پۆستەکانیان لەناوخۆیان دابەش کردوو دەسەڵاتیان کەوتە دەست لەوادەو بەڵێنەکانیان پاشگەز دەبنەوەو پشت دەکەنە داواکاری جەماوەر.

دەبێت جەماوەر هەڵوێستی چۆن بێ کاتێ پشت گوێ دەخرێ‌و وەڵامی داواکانی نادرێتەوە؟ ئایا لە هەڵبژاردنی داهاتوو جارێکی دی بەوادەو بەڵێنەکان فریو دەخوات؟ دەنگ دەداتەوە بەو لایەنانەی خزمەتی جەماوەر ناکەن‌و تەنیا پڕوپاگەندەکەیان بۆ ئەوەبووە دەسەڵات بگرنە دەست‌و لەهەمان کاتدا بچوکترین داواکاریان جێ بەجێ ناکەن؟ بەدڵنیاییەوە هۆشیاری هەڵبژاردن لای تاکەکانی فاکتەری یەکلا کەرەوەیە بۆ بەخۆدا چونەوەی دەسەڵات کاتێك لە بەرژەوەندی جەماوەر بەکارنایە، لەم ڕوانگەیەوە دەبێت جەماوەر لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەنگ بۆ ئەو لایەنانە بدات کە ڕاستگۆ بون لەگەڵ وادەو بەڵێنەکانیان بە پێچەوانەوەش ئەوانە قسەوکردەوەکانیان ئاسمان‌و ریسمان لێك دوور بوون شایستەی ئەوەنین جارێکی تر دەنگیان بۆ بدرێتەوە، بۆیە دەبێ هەمووان چاودێر بین بزانین حزبە دەرچووەکان وادەو بەڵێنەکانیان جێ‌بەجێ دەکەن، یان نا؟

گازیەکا دی بو نەهێلانا هەژاریێ ل جیهانێ

مەلەڤان محەمەد

زورن ئەو کەسێت ب درێژاهیا دیرۆکێ دا خازکرین کو جێوازی د ناڤبەرا هەردو تەخێن دەولەمەندو هەژاردا نەمینن‌و خەبات کرین‌و قوربانی داین بو ڤێ مەرەمێ، زورن ئەو کەسێن هەمی ژیانا خو بو هندێ تەرخانکرین کو ئەڤ جێوازییە نەمینن‌و بن برین‌و جڤاکەکێ عادیلانەو وە کهەڤ دروستکەن، زورن ئەو کەسێن ئەڤ بابەتە ئازراندین ب مەرەما سەرنج ڕاکێشانا خەلکی ژپێخەمەت چارەسەرکرنا ڤێ چەندێ‌و، زورن ئەو شورەش‌و سەرهلدانێت هاتینە کرن بو نەهێلانا بەنیاتی‌و هەژاریێ، بەلێ کێمن ئەو کەسێت لڤی سەردەمی ب وێرەکانە بەحسێ ڤێ دیاردێ دکەن. نلسون ماندیلا سەروکێ بەرێ یێ ژێریا ئەفریقیا ئێك ژ وان کەسانە کو هەردەم داخاز دکەت هەژاری لسەرانسەری جیهانێ نەمینیت‌و لڤێ دویماهیێ (ماندیلا)ی جڤاکێ نێڤ دەولەتی هاندا کو هەولبدەن ب ملیونەها کەسان ژ دەردێ هەژاریێ لسەرانسەری جیهانێ قورتالکەن.

ئەڤ ژێ نە جارا ئیکێ یە ماندێلا گازیێن بڤیرەنگی بێن مرۆڤانە ڕادهێلییت، چونکە ماندێلا ئەو کەسەیێ (٢٧) سالێن ژیێ خود زینداناڤە بوراندین ژ پێخەمەت ئازادی ویەکسانیا مرۆڤان ل وەلاتێ خو ژێریا ئەفریقیا، وپشتی ب سەربلندی ژ زیندانێ هاتییە ئازادکرن هەمی گەلێ وەلاتێ وی ژێ ئازادبوون‌و ماندێلا بو سەروکاتیا وەلاتی هاتە هەلبژاردن وپشتی ماوێ سەروکاتیا وی بدویماهی هاتی داخازا لێبوردینێ ژ گەلێ ژێریا ئەفریقیا کر کو دڤێت پایێ سروکاتیێ بو کەسەکێ دی بهێلیت، وبڤان چەند کریارێت خو پتر ناڤو دەنگیا (ماندێلا)ی د ناڤ خەلکی دا بەلاڤبو نەك هەر بتنێ ل وەلاتێ وی ژێریا ئەفریقیا، بەلکو لسەرانسەری جیهانێ ژی خەلك ب ڕێزگرتنەکا مەزن بەرێ خو ددەنێ.

(ماندێلا)ی هەژاری یا دژوارو جێوازی دناڤبەرا دەولەمەندو هەژاراندا ب دەردەکێ گران بو ڤی سەردەمی ل قەلەم داو داخازکر کو ئەڤ چەندە بهێتە دانان ل ڕێزا بەنیاتی‌و نەژادپەرێسیێ.

هەژاری ئێك ژفاکتەرێن سەرەکی یە بونە پێشڤەچونا مللەتان‌و لدویف نویترین سەرژمێران نوکە نێزیکی (ئێك) بلیون کەس ل جیهانێ ڕوژانەیا وان ژ دولارەکی کێمترە‌و ئەڤ ڕێژە نائێتە چارەسەرکردن هەکەر وەلاتێت دەولەمەند ئاستێ هاریکاریێت خو زێدە نەکەن‌و بازرگانیا جیهانی ئازاد نەکەن، هەروەسا بەنکا نێڤ دەولەتی لسالا (٢٠٠٤)ێ هۆشداری دابوون کو هەکەر سەمتێن دارایی بێت نوکە لسەرڤی ئاستی برێڤە بچن، پرانیا وەلاتێت ژنوی بێگەهشتی نەشێن ئارمانجێت خوییێت گەشەکرنێ بو هزاری یانوی بجهبینن دگەل هاتنا سالا (٢٠١٥) لەورا بەنکانێڤ دەولەتی بەردەوام گڤاشتنا لسەروەلاتێت پێشکەفتی دکەت دا کو سوزێت خو بجهبینن ئەوێت هاتینە دان د کونکرێ (مونتیری) دا لسالا ٢٠٠٢ ژپێخەمەت نەهێلانا هەژاریێ ل جیهانێ. (ماندێلا) ئەوێ بویە سومبلا ئاشتی‌و ئازادی‌و وەکهەڤیێ ل جیهانێ لدەسپێکا هەیڤا شواتا ئەڤ سالە لبەرامبەر ب هزاران ژ بەرهەڤبویان ل پایتەختا بریتانیا لەندەن گوت (پێتیڤیە لسەر جیهانێ پتر هەولان بدەت بو نەهێلانا هەژاریێ) هەڤ دەم داخازا یەکسانی‌و وەکهەڤیێ د بازرگانیێدا کرو بدویماهی ئینانا قەرزێن وەلاتێن هەژارو باشترکرنا جۆرێ هاریکاریان.. ئەڤ هەول‌و بانگەوازێت (ماندێلا)ی هاتنەکرن د چارچوڤێ هەوەکا خێرخوازی دا کە مەرەم ژێ ئەو بو هەژاری نەمینیت‌و بن بر ببیت.

ماندێلا ب درێژاهیا ژیانا خوب کارو کریارو داخوازێن ڕەواو د بەرژەوەندا مرۆڤایەتیێدا هاتیی نیاسین لەورا بویە جهێ ڕێزگرتنێ، وئەڤ بانگەوازا وی لدەمەکی هاتە ڕاگەهاندن ماوەیەکێ کورت پشتی وەغەرکرنا کورێ وی (ماگاتو ماندێلا) د ژیێ ٥٤ سالیێ دا ب ئەگەرێ تووشبونا وی ب نەخوشیا ئیدزێ کو (ماندێلا)ی ب وێرەکی وراستگوی یا خود لبەرامبەر دەزگەهێت ڕاگەهاندنێ گوت (کورێ من ژ بەر نەخوشیا ئیدزێ گیانێ خو ژ دەست دا) لدەمەکی کو خەلك ل ژێریا ئەفریقیا دترسن ئەگەرێ مرنا کەس وکارێت خوبڤێ نەخوشیێ دیارکەن‌و دبێژن ب نەخوشیا زراڤ (سل)ێ گیانێ خو ژ دەست دایە ژبەر کو توشبونا کەسەکی ب ئیدزێ ل وەلاتێ ژێریا ئەفریقیا ب هەتك‌و فهێتی تێتە زانین. بەلێ (ماندێلا)ی ئەڤ چەندە ئاشکرا کرد هەولەکا خویا دی یا وێرەکانەدا ژبو هوشیارکردنا هاڤوەلاتیێن وەلاتێ خوو کێشوەرێ ئەفریقیا ب گشتی بو خو پاراستنێ ژڤێ نەخوشیێ.

(ماندێلا)ی بڤێ ڕاگەهاندنا خو ڤیا بێژیتە هەمی خەلکێ جیهانێ کو ئیدز نەخوشییەکە وەکی هەر نەخوشییەکا دی‌و هەر کەسێ خو ژێ نەپارێزت یێ بەرهەڤە توش ببیت، ب تایبەت ل وەلاتێن هەژارو دەست کورت کو ڕێکێت خوپاراستن‌و دەرمانێت پێتڤی د کێمن.

هەڵبژاردنەکە چی بەدوادا دێت؟

و:ئەحمەد حامید

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی ٢٠٠٥/١/٣٠ی ڕاگەیاند، کە بریتی بوو لە لیستەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق‌و پارێزگاکان، بێجگە لە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.

ئەگەر هەڵبژاردنەکە بەپێی ئاستی سیاسی‌و مەعنەوی هەڵبسەنگێنین، کە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی جەماوەریانەبوو دژی هێزەکانی تۆقاندن‌و تاوان، دەنگدان بوو بۆ چەسپاندن، کردەوەیەکی دیموکراسییانەو فرەلایەنی، ئەوا دەڵێین ئەم هەڵبژاردنە ڕوونە باری زۆر گران کرا بە گەلێك کون‌و کەلەبەرو ناتەواوی‌و پێشێلکاری، کە پێویستە لە ئاستیاندا ڕابوەستین‌و یەکلایان بکەینەوەو هەوڵ بدەین هەل‌و مەرجی پێویست بۆ دووبارە نەبوونەوەیان بڕەخسێنین.

بەلای ئێمەوە، ئەمە دوا هەڵبژاردن نییەو هیوادارین لە داهاتوودا هەڵبژاردنەکان زۆربن کە دەبێ بخرێنەوە سەر ڕاستەڕێی خۆیان، پیاچوونەوەیش کارێکی پێویستە بۆ هەموو لایەك بەبێ جیاوازی، تەنانەت بۆ کۆمیسیۆنی باڵاو دام‌و دەزگاکانی ڕاستی لەسەرەوە بۆ خوارەوە، ئێمە هەمووان دڵنیا ئەکەینەوە کە ژمارەیەکی زۆر ڕاستی‌و ڕووداومان لەبەر دەستدایە لە سەرەتای دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانەوە، تا ڕۆژی هەڵبژاردن‌و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی. کە هەر هەموویان بە بەڵگەی باوەڕپێکراوەوە خراوەتە بەر دەستی کۆمیسیۆنی باڵا، یەك لە دوای یەك لەبەر ئەوەی ئەو لایەنی بەرپرسە ئێمە کە ئەمەمان کرد، وەنەبێ لەبەر ئەوەی کە هەڵپەی کورسیەك زیاتر دەکەین، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە لەگەڵ لایەنەکانی تردا، هەست بە بەرپرسیارییەکی نیشتمانی گەورەو گران دەکەین بۆ بەڕێکردنی ئەم تاقیکردنەوەیەو چەسپاندن‌و داڕشتنی لەسەر بنچینەیەکی قایم‌و بێ لەکە، هەروەها ئێمە لەوانە نین کە لە خەون‌و خەیاڵدا ئەژین، ئێمە ڕۆڵەی ئەم گەلەین، باشی ئەناسین‌و هەست بەو ئاسەوارە گەورەو گرانە دەکەین کە ڕژێمی سەدام بۆی بەجێهێشتووە، بەهۆی سیاسەتە چارە ڕەشەکانییەوە، لە چەوساندنەوەو جیاوازکاری‌و سەرکوتکردنی سیاسی‌و نەتەوەیی‌و تایەفەیی، کە چ ڕەنگدانەوەیەکی خراپی هەبووە لەسەر کۆمەڵگاکەمان، سەرەڕای ئەو هەموو گیروگرفتانەی کە بەهۆی ڕەفتاری چەوت‌و هەڵەی هێزی داگیرکەرەوە دروست بوون، ئەمە بێجگە لە ڕەفتاری نادیموکراسیانەی هەندێك، کە پەنایان دەبرد بۆ هەمان ئەو کارە ناڕەوایانەی کە جاران لایەنە بەرهەڵستکارە عێراقییەکان نەفرەتیان لێ دەکرد، ئێمە کە هەست بەوانەو بەمانەش دەکەین ئامادەین کە کۆششی زیاتر بکەین‌و ببەخشین‌و ئەرکی زیاتر بگرینە ئەستۆو خۆمان بە بەرپرسی بزانین بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان بۆ جەماوەری گەلەکەمان، بە ڕەوانی‌و ڕاستگۆیانەو بۆ بەرهەڵستی کردنی هەر جۆرە حوکمێکی سەرانسەری کە بسەپێنرێ بەسەر گەل‌و وڵاتەکەماندا، بەهەر بیانویەکەوە بێت کە ببێتە کۆسپ لە ڕێی بەرەو پێشەوەچوون‌و ئاوەدانکردنەوەو دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراسی فرە لایەنی دەستووریدا، کە شوێنی هەمووانی تیابێتەوە بە جیاوازی بیروڕای سیاسی‌و فیکری‌و نەتەوەیی‌و تایەفەیی‌و ئاینیانەوە.

ئێمە بەو پێودانە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەخوێنینەوە کە لە ڕۆژگارێکدا، کە گەلێك هۆکارو کاریگەری دەرەکی‌و ناوخۆیی لەسەربوو..

ئەمە بەرهەمی ئەم بارودۆخە ڕەوتەنییە کاتییە، بۆیە دەڵێین هەڵبژاردنەکە تەنها پەیڕەوکردنی یەکەم هەنگاوبوو بە ڕێگەیەکدا کە بە گوڵ فەرش نەکراوە، بەرەو دیموکراسییەکی ڕاستەقینە کە هەوڵی بۆ ئەدەین‌و پشتی پێ دەبەستین لە دامەزراندنی عێراقی نوێدا.

لەسەر ئەم ڕێگایە ئێمەو ئەو حزب‌و لایەنانەش کە بە ڕاستی باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە لە شێوازی کارکردندا، یان پیڕەوکردنی لە حوکمڕانیدا، زۆر شتمان لە پێشە کە دەبێ پیابچینەوەو کاری بۆ بکەین..

لەم چارەسەرکردنەدا، لەبەر ئەوەش کە وتوێژ دەستی پێکردووە سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان‌و پێویستە ئەوە بە بیربێنینەوە کە ئەوانەی دەیانەوێ واقیعی عێراق لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەڵبسەنگێنن، بە هەڵەدا دەچن!

نابێ وێنەکان بسڕنەوەو سادەو ئاسا بڕواننە بارودۆخەکە، چونکە بەوە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکەن‌و کۆسپ لە ڕێگەی ئەرکە سیاسییەکەو چارەسەرکردنی کێشەکان دروست دەکات، کە پەیوەندییان بە گوزەرانی خەڵکەوە هەبێ، یان پەیوەست بێ بە هەموو عێراقەوە، وەك دانانی دەستورو کۆتایی هێنان بە مانەوەی سوپای بێگانەو ئاوەدانکردنەوەی وڵات‌و بوژاندنەوەی باری ئابووری‌و دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراسی فیدراڵی یەکگرتوو..